# بـايۆتيــرۆريزم

**دوكتۆر رۆئيا تلووعی**

**دوكتۆر پوريا حاجی زاده**

**پێشەكی:**

لە رابردوودا گرووپ و وڵاتە تيــرۆريستەكان چەك و تەقەمەنيان لە بەردەستدا بوو، بــەڵام ئەو چەكانە تواناى تەقينەوە و وێران كردن و لە ناوبردنيان ئێجگار زۆر نەبوو. بە داخــەوە ئيمرۆكە تيــرۆريزمی دەوڵەتی پەرەی سەندووە و گرووپە تيــرۆريستيەكان زياتر فێری رێگا و رەوشتی تيــرۆر و چۆنيەتی چەك و تەقەمەنی بوون و دەسڕەسيان بــە چــەكی ئاســايی و نائاسائی وەك چەكی كيمياوی و بايۆلۆژيك و تەنانەت چەكی ئەتۆميش، زۆرتر بووە. بــەم هۆيە تواناى وێران كردن و لە نــاو بردنــی خــەڵك بــە دســت تيــــرۆريستەكان زۆر بــووە و تيــرۆريزم وەك مەترسيەكی گەورە هەڕەشە لە مرۆڤايەتی دەكات.

هۆكارە بايۆلۆژيكەكان لەو ئامرازانەن كە دەتوانن لە لايەن تيــرۆريستەكانەوە بە كار بــێن بۆ ترساندن يان كوشتنی مرۆڤـــ و سڕينەوە و لە ناو بردنی ئاژەڵ و گيا و ژينگە.

لە بايۆتيــرۆريزمدا سەرەتا ئەوانەی پايــەدارييان لــە بەرامبــەر نەخۆشــيدا كەمتـــرە وەك منالآن و بەسالآچوان و ئەوانەى خواردەمەنيان كەمە، دەبنە قوربــانی. هــەر چــی مــاوەی زۆرتری پێ بچێ خەڵكێكی زۆرتر دەكاتە قوربانی.

**مێژووی بايۆتيــرۆريزم**

لە بواری مێژوويیدا بايۆتيــرۆريزم شەش قۆناغی هەيە:

**قۆناغی يەكەم:**

له ۳۰۰ سالّ پێش زاییـن دەست پێ دەکات و تا سـالّی ۱۷٦۳ زاینیـی پـێ دەچـێ. لـه ۳۰۰ سالّ پێش له زاییـن یونانیەکان ئاوی بیــری دوژمنــانی خۆیـان بـەو شـێوە ژاراوی دەکرد که کەلاکی حەیوانێك که به نەخۆشی مردبوو دەیانـخسته بیـرەکه و دەبوونه هۆی نـەخۆش کـەوتنی ئـەو خەڵکـەی کـه ئـاوی ئـەو بیــرەیان دەخـواردەوە. روومیـەکان و پارسیەکانیش لـەم شـێوە دژ بـه دوژمنـانی خۆیـان کـەڵکیان وەرگـرت. مەغولـەکان و تاتارەکان له سالی ۱۳٤٦ی زاییني مەیتی ئەو کەسانەیان که له تاعوون و وەبا مردبوون فڕێ دا نێو شاری «کافکا» و بوونه هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو دوو نەخۆشیه له نێو خـەڵکی شارەکه به جۆرێك که تەنیا دە کەس لەو خەڵکه به زیندوویی دەرچوو.

ئەو نەخۆشیانه به کەشتی له تەواوی ئەورووپا بڵاو بوونەوە و وەها پەرەیان سەند کـه لـه سالّی ۱۳٤۸ی زاییني، چل ملوێن کەس له تاعوون مردن.

**قۆناغی دووەم: (۱۹۲٥-۱۷٦۳)**

له سالّی ۱۷٦۳ «هێنری باکێت» به «جێفـری ئامرێسـت» حـاکمی ئـەمریکای بـاکوور پێشنیاری کرد که به بڵاو کردنەوەی نەخۆشی «ئاوڵه» له نێو سوورپێستەکانی ئـەمریکا، ئەو خەڵکه له ناو بەرن. به هۆی ئەوەی ئەو نەخۆشیه لەوە پێشتـر لـەو شـوێنه نەبینـدرا بوو و سوورپێستەکان له بەرامبەریدا هیچ پایەداریەکیان نەبوو، کاتێك پەتووی (بـەتانی) ئالوودە به «ئاوڵه»یان له نێویان بڵاو کردەوە ژمارەیەکی زۆر له خەڵك به نەخۆشی ئاوڵـه مـردن. لـه کـاتی شـەڕی سـەربەخۆیی ئـەمریکا تـا ماوەیـەکی زۆر بـه هـۆی ئـەوەی بەریتانیەکان له بەرامبەر ئاوڵەدا واکسینه ببون و پایەداریان بوو به سەر ئەمریکییەکاندا که پایەداریان کەم بوو، زالّ بوون. له کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا هێزەکانی ئالّمانیا له نەخۆشی «سیازەخم» (باسیلووس ئانتـراسیس) بۆ نەخۆش کردنی ئەسپ و ئێستــرەکانی هێزی دوژمن کەڵکیان وەر دەگرت و زیانێکی زۆریان له ئاژەڵەکانی ئەوان دا.

**قۆناغی سێیەم:(١٩٢٥-١٩٤٠)**

لە کۆنفەڕانسی چەك داماڵینی ژێنۆ، پەیماننامەی قەدەغە کردنی بە کار هێنانی چەکی کیمیاوی و بایولۆژیك پەسند کرا. ئەم پەیماننامە بە کار هێنانی ئەو چەکانەی قەدەغە کرد، بەڵام ئاماژەی بە قەدەغەکردنی پێك هێنان و هەمار کردنیان نەکرد. هەر بۆیە ولاتگەلی رۆژئاوایی وەك ئاڵمانیا و بەریتانیا و سۆڤیەت و ئەمریکا هەر خەریکی تاقی کردنەوەی ئەم هۆکارانە بوون. ژاپۆن مشکی ئالوودە بە «تاعوون» و کێچ و برینجی ئالودە و کەلاکی حەیوانی تۆپیو لە ئەسەری نەخۆشی، لە هەواوە بە سەر شاری «چانگتە» لە چین بڵاو کردەوە و ناوی ئەو کارەی نا، تاقی کردنەوەی ئەو هۆکارانە! تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم کارانەیان دەکرد بیانوویان خۆپاراستن بوو. کەواتە پەیماننامەی ١٩٢٥ی ژێنۆ بە هۆی ئەوەی تاقی کردنەوەی ئەم هۆکارانەی قەدەغە نەکردبوو، بووە هۆکاری پەرەسەندنی پرۆگرامگەلی توێژەینەوە و پەرەسەندنی شەڕی بایۆلۆژیك.

**قۆناغی چوارەم: (١٩٤٠-١٩٦٩)**

ئەم ساڵانە کاتی زۆرترین توێژینەوە و پەرسەندنی هۆکارە بایۆلۆژیکەکان، لە ناوەندگەلی پێشکەوتوو بە پەیڕەو پرۆگرامی نوێ و کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بوو. شەڕی سارد و بارودۆخی قەیرانی سیاسی ئەو کاتەش یارمەتیدەری پەرەسەندنی ئەم چەشنە توێژینەوانە لە سەر هۆکارە بایۆلۆژیکەکان بوو.

لە ساڵی ١٩٤٢دا ژاپۆنیەکان گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی میکرۆبیان لە «هاربین» کە شوێنێکە لە«مەنچوری» وڵاتی چین رێخست و دەستیان کرد بە پەرورەکردنی هۆکارەکانی نەخۆشی تاعوون، سیازەخم (برینی رەش یان ئانتراسیس)، کەوتوویی (تایفویید)، دیسانتری خوێنی، وەبا و هەر وەها ئەو مێشوولانەی کە هەڵگری

ئەو هۆکارانەن. ئەم هۆکارانەش دوای بەرهەم هاتن، لە سەر دیلی چینی و رووسی تاقی دەکرانەوە. ئەم کارەی ژاپۆنیەکان لە کورەی مرۆڤ سوتاندنی نازیەکانی ئاڵمانیا ترسناکتر بوو. دوای شەڕ زۆربەی پسپۆڕانی ئەم گرووپە چوون بۆ ئەمریکا و لە ناوەندی توێژینەوەی چەکی بایۆلۆژیك لە «مێریلەند» دەست بەکار بوون.

ئەمریکاییەکان لەساڵی ١٩٤١ەوە دەستیان کرد بە توێژینەوە و بەرهەم هێنانی چەکی میکرۆبی. ناوەندی توێژینەوەی شەڕی بایۆلۆژیکی ئەمریکا یان War Service Research لە ساڵی ١٩٤٢ لە «مێریلەند» دەست بەکار بوو و بە هاوکاری زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەمریکا دەستی کرد بە تۆێژینەوە لە سەر هۆکارە بایۆلۆژیکەکان.

لە کۆتایی شەڕدا ئەمریکا خاوەنی چل هەزار بۆمبای ٥٠٠ پۆندی سیازەخم بوو. ئەم چەشنە توێژینەوانە دوای شەڕیش هەر بەردەوام بوو. لە شەستەکاندا ئەمریکاییەکان هۆکارە میکرۆبیە ئاساییەکانیان کە نەخۆشیهێنەر نەبوون، لە مێترۆی نیۆیۆرکدا بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڵابوونەوەی هۆکارە میکرۆبیەکان، بڵاو کردەوە.

لە دواییەکانی دەیەی شەستدا بوو کە ئەمریکاییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بە کار هێنانی چەکی مێکروبی بە تەنیا ناتوانێ ئامانجەکانیان لە شەڕدا بە تەواوی بەرهەم بهێنێت و باشترە لە سەر چەکی ئەتۆمی کار بکەن. هەر بۆیە «نیکسۆن» لە ساڵی ١٩٦٩دا سیاسەتی ئەمریکای گۆڕی و وتی کە لەمەولا ئەمریکا تەواوی هەماری چەکە بایۆلۆژیکەکانی خۆی یەك لایەنە لە ناو دەبات.

لە ئاڵمانیا لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٤٠ تا ١٩٤٤ توێژینەوە لە سەر هۆکارە بایۆلۆژیکەکان بەردەوام بوو. لە ١٩٤٣دا ئاڵمانیەکان بە فڕۆکە هۆکاری میکرۆبییان رشت بە سەر خەڵکی سۆڤیەت و ئۆکرایندا. دیسان لە دوورگەیەکی ئیسپانیایی هۆکارگەلی مێکرۆبییان لە سەر مەڕ و ئاژەڵ و هەر وەها جوولەکەکان تاقی کردەوە.

ئاڵمانیەکان دەیانویست بە چەکی بایۆلۆژیك هروژم بکەنە سەر بــەریتانیا و هــەر وەهــاش ئەمریکا تووشی گرفتی نەخۆشی ئانفلۆئانزا بکەن، بەڵام لــە ترســی تۆڵەســەندەوەی ئــەو وڵاتانە ئەم کارەیان نەکرد.

بەریتانیەکانیش لە کۆتایی شەڕدا ٢٢٥٠٠٠ چوار پۆندی تۆکسینی بۆتۆلیزم و بۆمبایەکی زۆری سیازەخمیان بوو. لە مانگی فیبیۆری ســاڵی ١٩٥٢دا ئەمریکاییــەکان، بڕێکــی زۆر هۆکاری مێکروبــی و مێشــولەی هــەڵگری «تــەبی زەرد» yellow fever و پــەڕی ئالوودە بە سیازەخم و کێچی هەڵگری تاعوون و مشکی نەخۆش و دەسڕەی مەســتەراحی ئالوودە و مەرەکەبی ئالوودەیان لە نێو خەڵکی کۆریای باکوور بڵاو کردەوە. ئەم کارە بــە هۆی دیان پێنانی ئەفسەرەکانی هێزی هەوایی و هێزی ئەمنییەتی ئەمریکایی کە بە دیل گیرا بوون ئاشکرا بوو و تاقمەیەك لە پسپۆڕانی بەریتانی و فەڕەنسی و سۆڤیەت و برێزیل و سوید لێکۆڵینەوەیەکیان لە سەری کرد و دیانیان پێدانا. فەڕەنسەویەکان لە «کــامبۆج» مێشولەی هەڵگری هۆکارە بایۆلۆژیکەکانیان بە کار هێنا. ئیتالیاییەکانیش لە ١٩٦٠دا لە نەخۆشی تەبی زەرد دژ بە ئیتیۆپی کەڵکیان وەرگرت. ئەمریکاییەکان توێژینەوەیەکیان کرد و بۆیان دەرکەوەت لە هروژمێکی نهێنی بایۆلۆژیکدا لە کەشتی یان فڕۆکە، دەتــوانن زیانێکی زۆر لە مرۆڤــ بدەن.

**قوناغی پێنجەم: (١٩٩٠-١٩٦٩)**

کاتی سەرنجی گشتی و تایبەتیە بۆ چەکی بایۆلۆژیك. مەترسی زۆری شەڕێکی بایۆلۆژیــك بوو بە هۆکاری پێشنیاری کۆنڤانسیۆنی ١٩٧٢ی ژێنۆ کە ڕێگری لە پەرەسەندنی دروست کردن و هەمار کردنی چەکی بایۆلۆژیك و تۆکسین و بە کار هێنانیــان دەکــات. وڵاتــەکان بڕیاریان دا هۆکارە بایۆلۆژیکــەکان لــە نــاو بــەرن یــا بــۆ ئامانجگــەلی ئاشــتی خوازانــە بیانگۆڕن. لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ سۆڤیەت دژ لــە ئەفغانیســتان چــەکی بــایۆلۆژیکی

بەکار هێنا. لە سالی ١٩٧٩دا لە شاری «سوێردلاویسك»ی سۆڤیەت تەقینەوەیەك بوو بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئێسپوری سیازەخم و نەخۆش کەوتنی خەڵکێکی زۆر.

لە ساڵی ١٩٨٠دا پۆلیسی فەڕەنسە هێرشی کردە سەر گرووپێکی تیرۆریستی ئاڵمانی بە ناوی «بادێن ماینهۆف» (هێزی سوور) و بەڵگەی زۆری لە سەر تاقی کردنەوە و توێژینەوەی چەکی بایۆلۆژیك بە دەست هێنا. بەم هۆیە دەرکەوت کە لەوانەیە گرووپە تێروریستیەکان دەسڕەسیان بە چەکی بایۆلۆژیك بووبێ. لە ساڵی ١٩٨٠دا سۆڤیەت ژەهری پڕ خەتەری «ترایکۆتسێن تی دوو» (بارانی زەرد)ی دژ بە مۆجاهیدەکانی ئەفغان بە کار هێنا. هەر لە هەمان ساڵدا ئەمریکا لە هۆکاری میکروبێ «تەبی بەراز» دژ بە شورشگێڕانی کووبایی کەڵکی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨٢دا ئیسرائیل بڕێك هۆکاری بایۆلۆژیکی لە فەلەستین بە کار هێنا کە دەبوونە هۆی تەبێکی زۆر و نەزۆکی کچان.

**قۆناغی شەشەم:** (لە١٩٩٠ەوە بەملاوە و کاتی شەڕی کەنداو و کێشەی جیهانی سێیەم و تیرۆریزم).

بە دوای داگیر کردنی کوەیت و مەترسی شەڕی کیمیاوی و بایۆلۆژیك هەر چەند کە ئەو هەڕەشەیە بەدی نەهات، بەڵام تەواوی سەربازەکان جلوبەرگی پێویست بۆ خۆ پاراستن لە چەکی کیمیاویان پێ درا و ئەمەش ئاماژەی بە جیدی بوونی هەڕەشەکە دەکرد.

بۆ تێگەیشتن لە مەترسی ئەم هۆکارانە باشە بزانین کە ئەگەر بە فڕۆکە ٥٠ کیلۆ ئیسپۆڕی سیازەخم بە درێژایی ٢ کیلۆمیتر بە سەر شارێکی ٥٠٠٠٠٠ کەسیدا بڕژێ، دەتوانێ ١٠٠٠٠٠ کەس بکوژێت و١٣٠٠٠٠ کەس لاواز و بێهێز کات. کەواتە نزیك نیوەی دانیشتونی وەها شارێك بێهێز دەکات یان دەیانکوژێت. ئەگەر لە بۆمبای ئاسایی بۆ ئەم مەبەستە کەڵك وەرگیرێ لەوانەیە بە دەیان تۆن بۆمبای ئاسایی یان بۆمبێکی بەهێزی ئەتۆمی پێویست بێ.

www.kurdistannet.org

به هۆکارگەی شەڕی بایۆلۆژیك دەڵێن «بـۆمبی ئـەتۆمی هـەژاران» بـۆوەی کـە توانـای کوشتنی خەڵك بە بۆمبێکی بایۆلۆژیك لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو وەك توانای بۆمبی ئەتۆم وایە.

## چۆنیەتی پەرەسەندن و کامڵ بوونی چەکی بایۆلۆژیك:

چۆنیەتی پەرەسەندنی چەکی بایۆلۆژیك سێ قۆناغی هەیە:

قۆناغی یەکەم، قۆناغی کلاسیکە و لـە زەمـەنی زۆر کۆنـەوە دەسـت پـێ دەکـات و تـا دواییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی دەخایێنێ. لەم قۆناغەدا راسـتەوخۆ لـە هۆکارگـەلی بایۆلۆژیك و تۆکسینەکان کەڵك وەر دەگرن. بۆ نموونە مەیتی مرۆڤێك یان کەلاکی حەیوان کە لە نەخۆشی مردبوو دەیانخستە نێو شار یان نێو ئاو.

قۆناغی دووەم، ئەم قۆناغە لە کوتایی شەڕی دووەمی جیهانیەوە دەسـت پێـدەکات و تـا دواییەکانی دەیەی حەفتای پێ دەچێ. لەم ماوەدا زانیاری مرۆڤـ سەبارەت بە جنێتیکـی میکرۆبەکان و لەقەکانی تری زانستی بایۆلۆژی سلوولی و مولکوولی زۆرتر بوو و پسپۆڕان توانیان هۆکارکەگەلێکی مەترسـیدارتر و پایـەدارتر لـە بەرامبـەر ئـانتی بیوتیکـەکان و کیمیوتراپیدا، بەرهەم بێنن کە ئەم هۆکارانە زۆرتر و زووتر بـڵاو دەبوونـەوە و ئاسـەواری زیاتریان لێ دەبۆوە. بە هۆی ئەوەی درەنگتر لە ناو دەچوون نەخۆشی زیاتریان لە خـەڵکی کۆمەڵگادا دروست دەکرد.

قۆناغی سێیەم، لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی پێ کردووە و تـا ئێسـتا بەردەوامـە. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ئاوەز و زانستی جنێتیك و دەست تێبردنی DNA، پسپۆڕان توانیان هۆکارگەلی بایۆلۆژیکی زۆر مەترسـیدارتر و نەخۆشـی هێنـەرتر لـەوەی کـە لـە سروشتدا هەیە بەرهەم بێنن.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

چەکی جنێتیکی (Genetic Weapons) لەو هۆکارە بایۆلۆژیك و کیمیاویانەی بەرهەم دێت کە شوێنی ئەسەریان لە سەر جێنەکانە. ئیمرۆکە توانیویانە برێك هۆکاری کیمیاوی و تۆکسینی بایۆلۆژیك بەرهەم بێنن کە ئەسەری مۆتاسیۆن و بەدی هێنانی شێرپەنجەیان هەیە و دەتوانن لە سەر جیلی داهاتوویش ئەسەر بکەن و هەر بەم هۆیەش پێیان دەڵێن «بۆمبای دەرمانی جیلی داهاتوو»( future multi generation drug bombs)

**بریێك لەم هۆکارانە چەشنێك مۆتاسیۆنی نهێنی پێك دەهێنن کە ئاسەوارەکەی لە چەند ساڵ یا چەند جیلی داهاتوودا خۆی دەر دەخات. ئەم چەکانە سەرنجی زۆری تیرۆریستەکان و حکوومەتە داگیرکەرەکانی راکێشاوە کە پێیان خۆشە هێدی هێدی نەیارانی خۆیان لە ناو بەرن.**

**چەشنە توێژینەوەیەکی تریش لە سەر چەکی رەگەزی و قەومی خەریکە دەکرێت بەو شێوەی کە هۆکارگەلێك بەرهەم بێت کە تەنیا رەگەز و نەتەویەکی تایبەت نەخۆش کات.**

لە ساڵی ١٩٨٢دا دوانزە جۆر لە جینۆمی مرۆڤ دەرکەوت کە دەیانتوانی ببنە هۆی پایەداری یان ناپایەداری زۆرتر لە بەرامبەر هۆکارگەلی ژەهراوی. **هەر بۆیە زانستی زیاتر لە سەر جینۆمەکانی هەر رەگەزێك دەتوانێ ئامرازێك بێت بۆ بەرهەم هێنانی هۆکارگەلی تایبەت بەو رەگەزە کە تەنیا بتوانێ خەڵکێکی دیاری کراو نەخۆش کات و ئەسەریان لێ بکات و ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی جینۆسایدی رەگەز یان قەومێك.**

ئیمرۆکە بە داخەوە لە لابراتوار و تاقیگە نهێنیەکان خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرن کە هۆکارگەلێك بەرهەم بێنن کە بتوانێ مرۆڤ لە ناو بەرێت چ بە شێوەیەکی کوتوپڕ و خێرا چ درێژخایەن.

دەخوازێ باسێك لەو هۆكارانە بكرێت كە سەرنجی تیرۆریستەكانی بەرەو بایۆتیرۆریزم ڕاكێشاوە. ئەو هۆكارانە بریتین لەوی كە:

١- بەرهەم هێنان و هەمار كردن و بە كار هێنانی چەكی بایۆلۆژیك زانست و فێركاری زۆر تایبەتی پێویست نییە.

٢- پێك هێنانی سەرچاوەی هۆكارە بایۆلۆژیكەكان زۆر دژوار نییە. بۆ نموونە دەكرێ هۆكاری نەخۆشی لە مرۆڤی نەخۆش وەدەست بێت و لە تاقیگە پەروەردە بكرێ و زۆر بێت. تەنانەت ئەگەر ئەندازیاری جنێتیك لەو شوێنە ئیش بكات دەتوانێ ئالۆگۆڕی جنێتیكی لەو هۆكارەدا بەدی بێنێت و توانای نەخۆش خستن و پایەداری لە بەرامبەر دەرماندا زۆرتر كات.

٣- بەرهەم هێنانی هۆكارگەلی بایۆلۆژیك و هەر وەها ئامرازی پێویست بۆ بڵاوكردنەوەی (وەك ئامرازی پێویست بۆ پڕژاندن)، گران نییە و بە ئاسانی بەردەست دەكەوێت.

٤- چالاكی بایۆتیرۆریستی و بڵاوكردنەوەی هۆكارگەلی بایۆلۆژیك لە نێو شارەكاندا ئاسانە.

٥- بڵاوكردنەوەی و بە كار هێنانی، پێویستی بە زانیاری زۆر نییە و بە بێ پەیڕەو و پڕۆگرامی تایبەتیش دەكرێ لە هەموو شوێنێك بڵاو كرێتەوە.

٦- نەختێك هۆكاری بایۆلۆژیك توانای لاواز كردن یا كوشتنی زۆرە.

بۆ نموونە نیو كیلۆ توكسینی ساڵمۆنێلا تایفی ( هۆكاری نەخۆشی كەوتوویی) یان پێنج كیلۆ ژەهری بۆتۆلینۆم یان حەوت كیلۆ ئانترۆتۆكسینی «ستافیلۆكۆكوس ئۆرێئوس» ئەگەر بڕژێتە ناو پێنج ملوێن لیتر ئاوی خواردن، دەتوانێ پەنجا هەزار كەس بكوژێ، بەڵام بۆ كوشتنی ئەو پەنجا هەزار كەسە دە تۆن هۆكاری كیمیاوی دەمار پێویستە.

www.kurdistannet.org

٧- ناسینی خێرای هۆکاری بایۆلۆژیك کارێکی سادە و ساکار نییە و پێویستی بە تاقیگە و ئامرازی پێشکەوتووە و کاتی زۆری دەوێ. لەو ماوەشدا هۆکارەکان بە خێرایی و بە زۆری بڵاو دەبنەوە.

٨- خۆپاراستن لە بەرامبەر هۆکارە بایۆلۆژیکەکان لە وڵاتانی پەرەنەسەندوو، کارێکی دژوارە هەر وەها بە بەڵگەوە سەلماندنی کردەوەی بایۆتیرۆریستی کارێکی ئاسان نییە و گرووپە تیرۆریستەکان لە کاتی ئاشتیشدا هەر دەتوانن ئەم هۆکارانە بە کار بێنن.

زۆر جێگای داخ و مەترسیە کە ئاوەز و زانست لە جیاتی ئەوەی کە بۆ لابردنی ئازارەکانی مرۆڤ و پەرەسەندنی ژیانێکی ئاسودە بە کار بێت، بۆتە ئامرازێك بۆ لە ناو بردنی مرۆڤ. دیارە ئەگەر رۆژگارێك هۆکارگەلی بایۆلۆژیك وەکو چەك لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا بە کار ببرێ، چیها ئاسەواری ناخۆش و زیانی لێ دەبێتەوە. تەنانەت ئەم هۆکارانە دەتوانێ بە نهێنی لە تاقیگەیەکەوە دزە بکات. لە سەر HIV یان ڤایروسی هۆکاری AIDS باس لە دزەکردنی ئەو ڤایرووسە لە تاقیگەیەکەوە دەکرێ. زۆر لەو نەخۆشیە مەترسیدارانەی رابردوو کە بە هۆی واکسیناسیۆنەوە لە ناو چوو بوون بە داخەوە بە هۆی نەخۆشی AIDS کە سیستەمی پاراستنی جەستەی مرۆڤ لە کار دەخات، دیسان زیندوو بوونەوە و خەریکی کوشتاری خەڵکن. نەخۆشی سارس خەریکە لە ئاسیایی باشووری رۆژهەلات پەرە دەستێنێ و خەڵك دەکوژێ و زۆریش جێگای سەرنجە کە سارس لە چین مرۆڤ دەکوژێ، بەڵام لە ئەورووپا بەو چەشنە توند و تیژە ئەسر ناکات!

ئەگەر هێرشێکی تیرۆریستی بە سارس بکرێتە سەر چین، داخۆ چەندەها خەڵکی بێگوناح دەمرن؟

به هەر حاڵ پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە هۆكارگەلی بایۆلۆژیك دەتوانن نەك تەنیا كاریگەرێتیان لە سەر مرۆڤ هەبێ، بەڵكو لە سەر ئاژڵ و گژوگیا و ژینگەش ئەسەر دەكەن و تا چەند جیل بەردەوام دەبن.

هەر بۆیەش پێویستە سیستەمی تەندروستی هەر وڵاتێك ئامادەی بەربەرەكانێ لەگەڵ هێرشی بایۆتیرۆریستی بێت تا لە ناكاو تووشی كێشە نەبێ و باشترە تەواوی كارمەندانی سیستمەمی تەندوروستی بریتی لە پزێشك و پەرستار و كارمەندانی تاقیگە و...هتد، ئاگاداری و زانیاری تەواویان لە سەر بایۆتیرۆریسم هەبێ. بە راستی **«بایۆتیرۆریسم هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەكات»**.

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET